www.kurdistannet.org
19-8-2003 1:31

# بەرەو ڕووخاندنی دیوارەکانی سانسۆری ڕۆشنبیری

**تاهیرسالح شەریف ـ کەیهان عزیز**
kayhanaziz@maktoob.com ، taher4@msn.com

"**زیاتر ڕۆیشتن لە خاوەندارێتی تایبەتی، لەهەمان کاتدا ڕزگاری تەواوی هەستەکان و تایبەتمەندی یەکانی تری مرۆڤە**". مارکس ـ دەستنووسە ئابوری و فەلسەفی یەکان 1844

بۆ ئێمە زاراوەی " ئازادی " ئەو واتا ڕووکەشەی ئەمڕۆی نی یە کە لە ناو فەرهەنگەکانی زمانەوانی و لە لاپەڕەکانی بە تۆڕی ئاسنینی سانسۆر تەنراوی ڕۆژنامەو بڵاو کراوە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاومان دەکەوێت، بەڵکو بۆ ئێمە " ئازادی" تەنها لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دیاریکراودا واتای ڕاستەقینە بەخۆی دەدات و بەدی دێت. ئازادی بە واتای " ئازاد " بوونی هەستە کۆمەڵایەتی یەکانی مرۆڤە لە هەموو قەیدوو بەندێکی ئابوری، کە لەم قۆناغە لە گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵگەکانی جیهاندا لە سەر ڕێگایاندا دروستکراون.

هەستە کۆمەڵایەتی یەکان، کە نیشانەکانی هوشیاری کۆمەڵایەتین، تەنها لە چوارچێوەی بەرژەوەندی یەکانی خاوەندارێتی تایبەتی و فرۆشتن، یاخود گۆڕینەوەیان بە پارەدا، بوونیان هەیە و دەتوانن کاربکەن و بجوڵێنەوە. فەیلەسوفێك، زانایەك، شاعیرێك، هونەرمەندێك، نووسەرێك، پزیشکێك و یاساناسێك، بە ناچاری هەموویان گرێدراون بە بازاڕەوە و ئەوانە توانای سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەستە کۆمەڵایەتی یە جۆراو جۆرەکانی خۆیان نی یە ئەگەر بەرهەمەکانیان لە ئەڵقەی یاسا ئابوری یەکان و سیستمی گۆڕینەوە دا دەربهێنن. فەیلەسوفێك بە سکی برسی ناتوانێت داهێنانی فەلسەفی بکات و بەرهەمە فکری یەکانی بخاتە بازاڕو کۆمەڵگەوە، بەهەمان شێوەیش هونەرمەند و شاعیرێك ناتوانن لە ڕێگای هەستە تیژو ناسکەکانیانەوە وێنەی شتە جوان و دزێوەکانی سروشت و کۆمەڵگە بۆ ئێمە بکێشن، ئەگەر بەرهەمەکانیان نەخەنە بازاڕو ئەڵقەی گۆڕینەوەوە. بەکورتی بڵێین، هەستە کۆمەڵایەتی یە جۆراجۆرەکان تەنها لە بازاڕ و بەکاڵابوونیاندا بوونیان هەیە و خودی بازاڕیش لە ژێر دەستی خاوەندارێتی تایبەتی دایە. لێرەوە ئەو ئەنجامە بەدەست دەهێنین کە هەستە کۆمەڵایەتی یە جیاوازەکان کۆیلەی بازاڕ و خاوەندارێتی تایبەتین. لەبەرئەوە، لەجیهانی ئەمڕۆدا "ئازادی" و "خاوەندارێتی" دوو جەمسەری ناکۆکن کە بوونی هەریەکەێکیان ئەوی دیکەیان نەفی دەکاتەوە لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی دا.

لەم ئاستە گشتی یەی باسەکەماندا، کۆمەڵگەی ئازاد و زاراوەی ئازادی یە جۆراوجۆرەکان، لە لای ئێمە هیچ شتێك نین جگە لە قسە بێ ناوەرۆك و پووچەکانی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو میدیاکانی سەرمایەداری بۆ شاردنەوەی ڕووی ئەو ڕاستی یە کە کۆمەڵگە زیندانێکی گەورەی نەبینراوە بۆ مرۆڤ. ئەگەر ئەوە پێوانەی گشتی ئێمە بێت بۆ زاراوەی" ئازادی " و " ئازادی کۆمەڵگە "، تەنانەت لە پێشکەوتوو ترین کۆمەڵگەکانی دنیای ئەمڕۆدا، ئاخۆ دەبێت پێناسەی ئێمە بۆ زاراوەکانی " ئازادی " و " کۆمەڵگەی ئازادی " کوردی چی بێت کە لەپشتی دیوارەکانی سانسۆری ناوەندە سیاسی و ڕۆششنبیری یە کوردی یەکانەوە گوێ ی ئێمەیان پێ کەڕ کردووە ؟ لێرەوەیە کە دەمانەوێت باسەکە کۆنکرێت بکەینەوە و بیخەینە سەر سکەی تایبەتی خۆی.

## سانسۆر و سەرکوتی بیرو ڕا دوو ڕووی یەك دراون

ئەمە خەیاڵ و ورێنە کردن و کینەی ئێمە نی یە بەرانبەر بە کۆمەڵگەکەمان کە لە نوسراوە و ووتارەکانماندا زیندانێکی گەورەی لێ وێنا دەکەین، بەڵکو زیندانە گەورەکە لە دەرەوەی بیرکردنەوەکانی ئێمەدا بوونی هەیە. سێ تا چوار ملیۆن مرۆڤی بێ تاوان خۆشیان نازانن کە بۆچی لەم زیندانە گەورەیەدا مەحکوم کراون بە مەرگی پلە بە پلە و تاکەی دەبێت لەم زیندانەدا، کە ناوی کۆمەڵگەی کوردستانە، لە کوێرەوەری و عەزابدا بژین ؟ ئێمە گومان لەوەدا نی یە کە تەنانەت ورژاندنی پرسیارێکی

سادە، بەڵام لە ناوەرۆکدا مەعریفی لەو جۆرە، لەلایەن هەر زیندانی یەکی ناو ئەو زیندانە گەورەیەوە، مەحکوم دەکرێت بە مەرگ. لەو زیندانەدا کوشتنی زیندانی یەك بە دەستی زیندانی یەکی تر، کارێکی ئاسایی دێتە بەرچاو، بەڵام ورووژاندنی پرسیارێکی سادەی وەك ئەوە کە بۆچی تاوانکار لەسەر ئەو تاوانە نامرۆیی یەی سزا نادرێت، دەبێتە هۆی پژاندی ئەو مێشکە کە فەرمانی داوە بە زمان پرسیارێکی لەو جۆرە ئاڕاستە بکات. ئەم پەندە کوردی یە کە دەڵێت " گەر زمان بیەڵێت سەر ڕەحەتە "، خۆی هێماو نیشانەیەکی دیکەیە بۆ سەلماندنی تێگەیشتنە ڕاست و دروستەکانی ئێمە لە بارەی زیندانە گەورەکەوە.

بەجیا لەوە کە هەستە کۆمەڵایەتی یەکان و هوشیاریی یە کۆمەڵایەتی یە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە چوارچێوەی پەیوەندی یە کانی خاوەندارێتی تایبەتی دا مانای " ئازاد " بوونی خۆیان لە دەست داوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە دەوری هوشیاری یە کۆمەڵایەتی یەکاندا دیوارێك لە سانسۆر و چاوەدێری کردنی پۆلیسی دروستکراوە کە تەنانەت خودی ئازادی رووکەشانەی ئەوانیشی کردووەتە قەفەزەوە.

دام و دەزگاکانی یاسادانان و جیٚ بەجیٚ کردنی یاسا، کە خۆیان لە ئەمن و پۆلیس و دەزگا سیخوڕی یە نهێنی یەکاندا دەبیننەوە، دیوارەکانی زیندان و زیندان کردنی هەستە کۆمەڵایەتی یەکان و هوشیاری یە کۆمەڵایەتی یەکانی کۆمەڵگای کوردستانن. سانسۆر و کاری سانسۆرکردنی هەستە کۆمەڵایەتی یەکان و هوشیاری یە کۆمەڵایەتی یەکانی وەك سیاسەت، ئەدەب، هونەر، ئەخلاق، ماف و فکر لەکوردستاندا، لە ڕێگای دام و دەزگا ناوبراوەکانەوە بەڕێوە دەچن و نیشانە و هێمای کۆیلەکردنی ئەوانەن لە ئاستێکی سەرخانی دا. سانسۆر و سانسۆرکردنی ئەدەب و هونەر، سیاسەت و فکر، ئەخلاق و ماف لەکۆمەڵی کوردستاندا، دیاریدەو نیشانەیەکن بۆ ئەوە کە ئەو کۆمەڵگایە لە خەونی سەدەکانی ناوەڕاست بە خەبەر نەهاتووە. دام و دەزگای سانسۆرچی سەر بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆی کوردستان، هەمان ڕۆڵی دەزگاکانی ئانکیزسیۆن (دەزگاکانی پشکنینی بیروڕا) ی کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا دەبینن لە کوردستاندا. هەر نووسەرێك، هەر هونەرمەندێك، هەر شاعیرێك هەر ماف ناسێك کە بیەوێت بەرهەمێکی خۆی بڵاو بکاتەوە، دەبێت بیرو ڕاکانی خۆی، کە لەبەرهەمەکەی دا گەڵاڵەی دەکات، بە تونێلە تاریکەکانی سانسۆرداڕەوانە بکات تا خۆی بگەیەنێتە بەر دەستی ئەو دەزگایانە. دەبێت ئەو دەزگایانە بیرو ڕاکانی بخوێننەوە و پاش تاو و توێ کردنی و ئەوەکە لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران و مزگەوتدا تەبا و گونجاوە، ئینجا بڕیاری بڵاو کردنەوە، یان ڕوونتر بڵێین بڕیاری ئازادکردنی دەدەن. ئەو پەتا کوشندەی سانسۆرکردن و لە قەفەزکردنەی هەستەکۆمەڵایەتی یەکان، کەبەشێکە لە ئایدۆلۆژی دەسەڵات و فەرمانڕەواکانی کوردستان، تەنها تایبەت نی یە بەوان، بەڵکو ئەم پەتایە هەموو ئۆرگانە کۆمەڵایەتی و ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیری یەکانیشی گرتووەتەوە. منداڵ هەر لەمنداڵی یەوە سانسۆر دەکرێت و تا گەورەش دەبێت هەر لەژێر سانسۆردایە. منداڵ دەبێت لەو چوارچێوە فیکری و سیاسی یە دەرنەچێت کە دایك و باوکی بۆیان دیاری کردووە و دەرچوون لە بیرو ڕاکانی ئەوان، دەرچوونە لەو مقدەسات و ڕەوشت و ئاکارە کۆمەڵایەتی یە دیلکەرانەی کە ئێستا ئێمە لەبارەیانەوە قسە دەکەین. سەرئەنجامی دەرچوونی منداڵ لەوانە، بە تراژیدیایەك کۆتایی دێت کە دەکرێت کەرەستەکانی سەدان هەڵبەست و چیرۆك و ڕۆمانی لە سەر کۆبکەیتەوە. . . . با لە دەرگای خێزانەوە بڕۆینە دەرەوەو لە دەرگایەکی گەورەتر بدەین، واتە دەرگای گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاکراوە جۆراو جۆرەکان، کە بۆخۆیان بەشێکن لە بەشەپێکهێنەرەکان و ئۆرگانیزمی ئەو کۆمەڵگەیە.

ئەمڕۆ زۆر بە زەحمەت دەتوانین گۆڤار، ڕۆژنامە، هەفتەنامە و تۆڕێکی ئینترنێتی کوردیمان بۆ بدۆزرێتەوە کە لە لاپەڕەیەك، یان لە ستونێکی خۆیدا نەی نووسیبێت ئەم گۆڤارە، ئەم هەفتانەمە یە، یان ئەم ڕۆژنامەو سایتە سەربەخۆ و ئازادە !! بەڵام لە مێژە ئێمەی نووسەرانی ناحیزب و ئازاد لە بیرکردنەوەدا پێکەنینمان بەو شانۆگەری یە کۆمیدی یە دێت و لەبەردەمی هەر ناونیشانێکی ئازاد و سەربەخۆ دا نیشانەکانی سەر سوڕمان و پرسیار دادەنێین. . . . تا ئەوکاتەی کە لە کوردستان بووین و

ئێستایش کە ئاوارەکراوین کامە ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاو کراوە هەبووە کە سانسۆری بیرو ڕاکان و پێنووسەکانی ئێمەی نەکردبێت ؟ تەحدای بەناو ئازاد ترینیان دەکەین کە لە ڕێگای سانسۆرکردنەوە سەرکوتی بیروڕاکانی ئێمەی نەکردبێت ؟ ئەقڵی سانسۆرکردن، کە ئەقڵی دەسەڵاتدارانی کورد و ئەقڵی حیزبە کوردی یەکان و ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستە، هیچ سەرنووسەر، خاوەن ئیمتیاز و دەستەی نووسەرانی گۆڤار، ڕۆژنامە، بڵاو کراوە و سایتێکی کوردی نی یە بیٚ بەری بێت لیٚ ی.

سکتاریزم و دەمارگیری فیکری، سیاسی و حیزبی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤارو ڕۆژنامەو سایتە کوردی یەکان، لەخوارەوەبوونی ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی یان، یاخود ترسی ئەوان لەخستنە ڕووی ڕاستی یە بەرچاوەکانی زیندانە گەورەکە، یان ئەقڵی پاوەنخوازی و مۆنۆپۆڵ کردنی ناوەندی ڕۆشنبیری و لە دەستدانی جێگاو ڕێگای بە ناو ڕۆشنبیری یان، ئەو سەرەداوانەن کە ئەقڵی ئەوان دەبەستێتەوە بە ئەقڵی دەسەڵاتدارانی کورد و بە ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستەوە و بەم هۆیەشەوە زاراوەی " ئازادی " و "سەربەخۆیی " نوسراو لەسەر لاپەڕەکانیان دەبێتە بلّقی سەر ئاو. کامە سایت و گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی بە ناو " ئازاد " و " سەربەخۆ " هەیە کە ئەم ڕەخنەیە بەسنگێکی فراوانەوە وەربگرێت کە پیٚ ی بلێت : کاکی برا لەڕووی سیاسی، یان لەڕووی ڕۆشنبیری یەوە فلانە خاڵی لاوازت هەیە ؟ یان پێی بلێیت " ئازاد " و " سەربەخۆ " نیت ؟ ووتنی ئەوانە و تێڕامانێکی ڕەخنەیی بەیانکراو، دەبێتە کفرێکی گەورە. خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر و دەستەی نووسەرانەکەیان، ئەگەر بە ڕەخنەیەکی لۆژیکی یانەو ڕاستەقینە دەمیان قفڵ بکەیت، ئەوا یان سوکایەتیت پیٚ دەکەن و بە جنێو فرۆش ناو دەبەن، یان یەکسەر شمشێری سانسۆر لەکێلان دەردەهێنن و ملی بیروڕاکانتی پیٚ دەپەڕێنێت و ناوی کۆمەڵێك بەخشان نووس و نامەنووس و عەریزە نووس بە خۆیان و وێنەو باسە بازاڕی و ئاست نزمەکانی یانەوە (کەزیاتر خەریکی سوکایەتی کردنن بەئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری و مەعریفە) لە سەر لاپەڕەکانی ڕیز دەکات. ئێمەیش بە بیٚ هیچ ڕوو دەربایسی و شەرمێك پێیان دەڵێین : دیواری ئاو دەستی مزگەوتەکانی کوردستان و سایت و لاپەڕە بەناو ئازادەکانی ئێوە لێك چوونێکی زۆریان هەیە، چونکە دیواری ئاو دەستەکان ئەوەندە ئازاد بوو کە بە " شۆڕشگێڕ ! " و " سیاسی ! " یەکانی کوردەوە تا دەگەیشتە لۆمپنەکانی کۆمەڵگای کوردستان بیرو بۆچوون و ڕاپۆرت و شیعارە سیاسی یەکان و قسە و جنێوە بازاڕی یەکانیان لە سەر بڵاو دەکردەوە.

## نووسین و ووتار بڵاوکردنەوە یاخود گاڵتە کردن بە نووسین و ڕۆشنبیری ؟

خۆ ڕۆشنبیر کردن و بوون بە نووسەر پرۆسەیەکی دژوار، ئاڵۆز و درێژخایەنە. پاش زیاتر لە هەژدە ساڵ خوێندنەوەی بەردەوام وچڕ و پڕ لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری دا و شەونخونی کردن و مەترسی دانە بەرخۆ و یارکردن بە ئاگر، هێشتا ئێمە خۆمان بە خوێنەرێکی باش دەزانین تا نووسەرێکی باش. نووسەرێکی باش و سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە زۆربخوێنێتەوە و کەم بنووسێت. کاری نووسین وەك ئەو گۆمە وایە کە قووڵایی یەکەی تاناو قەدمان دێت، بەڵام خوێندنەوە ئەو دەریا قووڵەیە کە ئێمە هەرگیز ناتوانین بگەینە خا ڵی مەبەست. نووسین، هەروەك ژیان خاڵی سەرەتاو کۆتایی خۆی هەیە، بەڵام خوێندنەوە خاڵێکی بیٚ کۆتایی یە. دیسان خوێندنەوەش تەنها پێوەری بوون بە نووسەر و ڕۆشنبیر بوون نی یە، بەڵکو لە تەنیشتی ئەوەوە پێوەرێکی تر هە یە کە نووسەر پێوانە دەکات، ئەویش ئەوەیەکە تۆ توانایی یەکانی خۆتت هەڵسەنگاندبێت و بزانیت لە کامە بواری ڕۆشنبیری دا دەتوانیت ئەسپی خۆت تاو بدەیت. دەکرێت وێنەیەکی گشتی لە زۆربوارێکی ڕۆشنبیری دا بەدەست بهێنیت و بە دیواری خانەکانی مێشکتەوە هەڵیان بواسیت (بۆ نووسەر بەدەستهینانی ئەو وێنەیە زەروری یە) ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نی یە کە تۆ لەو بوارانەدا بتوانیت بە سەرکەوتوویی بنووسیت و نوسینەکانت تینوێتی خوێنەر بشکێنێت. ڕۆشنبیری وەك درەختێکی بەرزە. ئێمە دەتوانین هەموو لق و پۆکانی درەختەکە ببینین، بەڵام ناتوانین بەسەر هەمووی دا سەربکەوین، چونکە دەکەوینە خوارەوە و ملی خۆمان دەشکێنین و چەند لقێکی دیاریکراوی دەرختەکەیش دەشکیٚ و بەم

کارەش هەم زیان لە خۆمان دەدەین و هەم لە جوانی درەختەکەیش کەم دەکەینەوە. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ڕۆشنبیری مەیدانێکی فراوان و بێ سنورە، توانای مێشکی مرۆڤیش سنوورداره. لە بەر ئەوە نووسەری باش، ئەو نووسەرەیەکە پسپۆڕی لەو بوارە ڕۆشنبیری یەدا بە دەست دەهێنێت کە بۆخۆیی دیاریکردووە.

نووسەرێکی باش و سەرکەوتوو ئەوکەسەیە کە بەپێی مزاج و ئارەزووە تایبەتی یەکانی خۆی نەنووسێت و ووشەی بێ ناوەرۆك ڕیز نەکات و خوێنەر تووشی بێزاری (مەلەل) نەکات. نووسەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە لە سەر حسابی پڕکردنەوەی کاتە بۆشەکانی خۆی کاغەزو قەڵەم بە دەستەوە نەگرێت و بۆ کوشتنی کاتی خەڵکی تریش لاپەڕەی سپی ڕەش نەکاتەوە. بۆ نووسەرێکی سەرکەوتوو، ووشەکان و ڕستەکان و پەرەگرافەکان و تەنانەت نوقتەو فاریزەکان و نیشانەی پرسیارو سەر سووڕمانەکانیش بێ پەیوەندی و بێ مەبەست و بێ ئامانج نین و ئەوانە هەموویان لە پەیوەندی یەکی ئۆرگانی دا لەگەڵ هەستەکانی نووسەردان. بەرهەمەکانی نووسەرێکی سەرکەوتوو، ئەنجامی ئەو کارو کاردانانەوەیە کە لە دنیای ماددی دەرەوەی فکری ئەودا ڕوو دەدەن و ئەمیش لە ڕێگای سۆزو هەستەکانی یەوە و لە ڕێگای پێنووسەکەیەوە وێنایان دەکات و سەرنجی خوێنەریان بۆ ڕادەکێشێت. کاری نووسین، کارێکی هونەری یە، واتە نووسەر بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە هونەرمەندێکی وێنەگر و نیگار کێش، بەڵام بەم جیاوازی یەوە کە ئەم نە کامێرای پێ یەو نە فڵچەو ڕەنگەکان. نووسەرێکی باش و سەرکەوتوو، دەتوانێت ڕووداوی دڵتەزێنی وەك کوشتنی بە ئەنقەستی منداڵێك لەمنداڵدانی دایك دا بەجۆرێك تابلۆ بکات و سۆزی خوێنەری لە سەر ببزوێنێت کە لە کورت ماوەدا بێت یان لە درێژماوەدا گۆڕانکاریەك لە یاساکانی تاوانکاری دا بەدی بهێنێت.

تۆ ناتوانیت فەیلەسوف ولێکۆڵەرەوەیەکی وەك هیگڵ، کانت، دیکارت، فیورباخ، سارتەر، نیتچە، پۆپەر، جاك دریدا، داریوشی شایگان و بابەکێکی ئەحمەدی بیت و لە هەمان کاتیشدا ڕۆمان نووسێکی وەك پۆشکین، تۆلستۆی یەشارکەمال و هیدایەت و عباسی مەعروفی بیت. . تۆ ناتوانیت ڕەخنەگرێکی سیاسی و زماناسێکی وەك چۆمسکی بیت، لە هەمان کاتیشدا شاعیرێکی وەك موزەفەر نەواب، شاملۆ و گۆران و نالی یەك بیت و ڕۆژێك ستایشی دیموکراتی وعیلمانی بوونی سەرانی سیاسی کورد بکەیت و ڕۆژێکی دیکە بۆستایش کردنی بۆش و مارنیز میعر بهۆنیتەوە. . تۆ ناتوانیت شێخ ڕەزای سیاسەت و چاخانە ئەلکترۆنی یەکەی " پێشکەوتوخوازان " بیت و لە هەمان کاتیشدا مارکس بە شاگردی خۆت ڕانەگریت، لە سەر ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس و بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی فەرەنسا و بەنووسینی دووپەڕەونیف! لە قسەی بێ دەست و پا، پەڕتووکی) جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا1871 ) ی مارکس و (دەوڵەت و شۆڕش) ەکەی لینین بکەیتە گۆرانی یە فۆلکلۆرەکان و چیرۆکەکانی مەلا نەسرە دین. . تۆ ناتوانیت چیرۆك نووسێکی سەرکەوتووی وەك سەمەدی بەهرەنگی و حسەین عارف بیت و لە هەمان کاتیشدا لێکۆڵەرەوەیەك بیت لە سیاسەتی جیهانی و ڕۆژێك لە بارەی گلۆباڵبزەیشنەوە بنووسیت و ڕۆژێکی تر ببیتە دەرهێنەرێکی سینەمایی و لەیلا عەلەویمان پێ بناسێنیت و بۆمان بهێنیتە کوردستان. . تۆ ناتوانیت شاعیرێکی سەرکەوتووی وەك فەروغ فەروغ زاد و محەمەد عومەر عوسمان بیت و لە هەمان کاتیشدا خۆتمان لێ بکەیتە لێکۆڵەرەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ووتارمان لە بارەی کێشەکانی ژنانەوە بۆ بنووسیت، یان ڕۆژێکی تر ببیتە سۆسیۆلۆجیست و هۆیەکان و ئەنجامەکانی ئەنفالمان بۆ شی بکەیتەوە، یان لێمان ببیتە ئابوری ناسێك و شی کردنەوەی ئابوریمان بخەیتە بەرچاو. . تۆ ناتوانیت بەو ئاستەکەم ونزمە لە ڕۆشنبیریتەوەو بەو بێ ئاگایی یە ئاکادیمیەتەوە لە پرەنسیپەکانی نووسین و ڕۆژنامەگەری ببیتە سەرنووسەری گۆڤارێك، یان ڕۆژنامەو سایتێکی ئینترنێتی بەپێزو سەرکەوتوو. . تۆ کەپاش پێنج ساڵ لەدانانی سایتێك، تائێستایش سەروتار و ناونیشانی ووتارت لێ دەبێتە یەك شت و جیاوازی نێوانیان نازانیت، هەقی خۆتە سانسۆری نووسینی نووسەرانێکی بەئەزموون بکەیت و دێڕی لێ کەم بکەیتەوە، یان بۆی زیاد بکەیت و هەرچی کۆلکە نووسەر و نەخوێندەواری وەك خۆیشت هەیە ئەلبومێکیان بۆ بکەیتەوە. . تۆ بەو سکتاریزم و ئەقڵە تە سکە حیزبی یەتەوە، کەسانسۆری فکری و

تەنانەت ناوی نەیارانی ڕێکخراوەت دەکەیت لە سایتە جوانەکەتەوە، لە پۆلیسێك و ئاسایشێك وحیزب اللەیی یەکی جێ بەجێکەری یاسای دژی ئازادی فکر قەبیحتر دێیتە بەرچاوان و هەرگیزیش سایتەکەت نابێتە بروسکەیەك لە ئاسمانی ڕۆشنبیری کوردی وسۆشیالیستی دا. . تۆ. . تۆ. . تۆ. . . . . . . . . . . . .

ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی بووەتە مەزادخانە و کاراکتەری بە ناو ئەدیب و ڕۆشنبیر و نووسەرەکانیشی لە کاراکتەری دەلالەکانی مەزادخانەکان دەچێت. ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ و لەم کاتەدا، لەمەزادخانە کەدا فەرش دەفرۆشێت، ئەوا سبەینێ و لەهەمان کات ژمێری دیاریکراودا بیبینەرەوە، دەبینیت تەلەفیزۆن و سەلاجە و تەباخی عەشتار دەفرۆشێت و دوو بەیانیش قەمسەڵەی ئەمریکی و پەتووی سەربازی خستووەتە هەڕاجەوە. بۆ دەلالێکی مەزادخانەکان گرنگ نی یە کە چ جۆرەکالایەك دەفرۆشێت و تاچەندە بەکەڵکی کڕیارەکەی دێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە کلاوێك لە سەری کڕیار دابنێت و لەم ڕێگایەشەوە دەرامەدی دابین بکات و ئیسپاتی بوونی خۆی بکات لە بازاڕدا و ئەوە کە ئەو دەتوانێت شتە بێ کەڵکەکان بفرۆشێتەوە بەخەڵکانی گێل تر لەخۆی. . . . بەناو نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی ئەمڕۆیش هەمان کاراکتەریان هەیە. گرنگ ئەوەیە کە ئەو، ناوو وێنەی خۆی لە سەر گۆڤارو ڕۆژنامەو سایتێك دا ببینێتەوە وپێ ی بڵێن نووسەرە !!، ئیتر ئەوە گرنگ نی یە کە چ بابەتێکی بێ ناوەڕۆك و بێ پێزی دەرخواردی خوێنەرداوە. . گرنگ ئەوە نی یە کە ناوەڕۆکی بابەتەکەی چەندە دوورە لە ناونیشانەکەیەوە. . گرنگ ئەوەیە کە ئەو بوونی خۆی وەك کچێك بەرانبەر بە شاعیرە ناسك و شۆخەکەی ڕەقیبی بسەلمێنێت کە ئەمیش توانای دارە دارەو گڕوگڤەی نووسین و ووتارنووسینی تیامەوەتەوە و شەخسیەتە ناودارەکانی جیهانی عەرەبیش لە جوانی و شۆخ و شەنگی یەکەی سەرسام بوون !!. . گرنگ ئەوەیەکە ئەوی مۆدێڕن و ئەمی پۆست مۆدێڕن توانیوییانە ببنە دەزگایەکی فۆتۆکۆپی دەستی دوو و توانای کۆپی کردنەوەی شێواویان لە نووسین و پەڕتووکەکانی بیریار و ئەدیبە کانی دنیا (بەتایبەتی نووسەر وئەدیب و شاعیرە فارسەکان) هەیە. دزی کردنی ئەدەبی و فکری بۆ ئەوان عەیبە نی یە، چونکە کۆمەڵگەکەمان بە قەیران و هەژاری مەعریفی و ڕۆشنبیری دا تێ پەڕ دەبێت و مۆدێل، مۆدێلی بازاڕی ئازادیشە !!. . گرنگ ئەوە نی یە کە تاچەندە پسپۆڕ و سەرکەوتووە لەو بوارەدا کە لە بارەیەوە نووسیوویەتی، گرنگ ئەوەیە خۆی وانیشان بدات کە ئەو لە فەلسەفە، ئابوری، سیاسەت، زمان، ئەدەب، هونەر، فکر و عەولەمە و عەلەوی و هەموو زانستە بەشەری یەکان دەزانێت. . . . . لەڕاستی دا ئەو کارە نابەجێ یەی کە ئەو بەناو ڕۆشنبیر و نووسەرانە دەیکەن هیچ شتێك نی یە جگە لە تووش بوون بە ڤایرۆسی عەشقی خۆ بوون و خۆدەرخستن. ئەمانە نە ڕۆشنبیرن و نە نووسەرن. . ئەمانە وەك ڤایرۆسی سارس چوونەتە جەستەی ڕۆشنبیر یەوە و ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن هەموو لقەکانی ڕۆشنبیری لە ناو دەبەن. . ئەمانە نەئەیانەوێت ڕۆشنبیری خەڵکی کورد ببەنە سەرەوە و نە ڕەوتێکی ڕۆشنبیری مۆدێرێن قەوارە بگرێت. . ئەمانە گرووپێکی گاڵتەگەران بە ئەدەب و هونەر و فکرو سیاسەت. ئەوانە تووشی نەخۆشی یەکی سایکۆلۆجی بوون و دەیانەوێت بە گاڵتە کردن بە ڕۆشنبیری و بەنووسینی هێڵنج ئامێز چارەسەری نەخۆشی یەکانیان بکەن. . . ئەمانە پێویستیان بە چارەسەر کردنی زانستیانە هەیە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ژینگەو پێگەی ڕۆشنبیری کوردی پیس نەکەن و چی تر نەك هەر گاڵتە بەخۆیان، بەڵکو گاڵتەش بە ڕۆشنبیری و سەرمایەی مەعنەوی مرۆڤایەتی نەکەن.

قسەی خۆمم کرد، ڕۆحی خۆمم ڕزگار کرد.

وەرگیراو لە نامیلکەی " ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا " ـ مارکس ـ

17. august. 2003

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی جووت نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ئەو هێرشەی ئەم جووت نووسەرە لەبەشێکی نووسینەکەیاندا کردویانەتە سەر ئێمە، داوای لێبووردنیان لێدەکەین ئێمە کاتی وەڵامدانەوەیانمان نییە.